**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٩٩٨ لە ٢٠٢٢/٩/٦**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢
## ڕێنمایی هاتنی پزیشکی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان

**ماددەی(١):**

بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان ئەبێت داواکاری دکتۆرە بیانیەکە لە ڕێگای نەخۆشخانەیەك یان سەنتەرێکی ڕێگەپێدراو بێت بۆ وەزارەتی تەندروستی ، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان ڕێگەپێدان و مۆڵەتی نەخۆشخانەکە یاخود سەنتەرەکە دەبێ پشت ڕاست بکرێتەوە ، دواتریش ڕێکارە یاساییەکانی ڕێگەپێدانی کارکردن لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی(٢):**

لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەت لەگەڵ (٢) دکتۆری پسپۆڕی بوارەکە هەڵدەستن بە تاوتوێ کردنی داواکاری پزیشکە بیانیەکان، ئەو لیژنەیە دەسەڵاتی ڕێگەدان بە کارکردنی ناوبراوی دەبێت دواتر لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت ، وە هەروەها دەسەڵاتیان دەبێ کە پێداچوونەوە بەو مۆڵەتانە بکەن کە پێشتر دراون

**ماددەی(٣):**

مەرجە پسپۆری ئەو پزیشکە بیانیە پسپۆریەکی دەگمەن بێت ، ئەو نەشتەرگەریانە ئەنجام بدات کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نادرێت.

**ماددەی(٤):**

هێنانی لاری نەبوونی سەندیکای پزیشکان پێش ڕێگەپێدانی وەزارەتی تەندروستی .

**ماددەی(٥):**

لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دکتۆری بیانی دەتوانێت بۆ سەردانی بێت بۆ نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی کوردستان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

**ماددەی(٦):**

بۆ وەرگرتنی ڤیزاو نیشتەجێ بوون دەبێت لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستیەوە نوسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ بکرێت جەخت بکرێتەوە لەوەزارەتی ناوخۆ کە بەبێ رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی فیزە نەدەن بە دکتۆری بیانی.

**ماددەی(٧):**

له دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی ، وەزارەت نوسراو بۆ پزیشکه بیانیەکه دەکات بۆ بەرێوەبەرایەتی باج بۆ کردنەوەی فایل و دانی باج بەپێی یاساو رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی(٨):**

لەکاتی روودانی هەر رووداویکی نەخوازراو بەرامبەر بەنەخۆش یان هەڵەیەکی پزیشکی یان ماکەکانی نەشتەرگەری وه دیارنەمانی پزیشکه بیانیەکه که نەشتەرگەریەکەی ئەنجامداوە لەهەرێمی کوردستان ئەو پزیشکەی یان نەخۆشخانه دەبێته کەفیلی ئەو پزیشکه بیانیه بەرپرس دەبێت بەرامبەر دادگا .

**ماددەی(٩):**

پێویسته پزیشکەکە، تەنیا لەو سەنتەرە یا ئەو نەخۆشخانەیە کاربکات کەبۆی دیاری کراوە.

**ماددەی(١٠):**

جەخت له فەرمانی وەزاری ژمارە (٨٤٢) له بەرواری (٢٠٢٢/٢/٣) بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا که بەبێ لاری نەبوونی وەزارەتی تەندروستی یەکسان کردنی بروانامه بۆ هیچ دکتۆرێکی بیانی نەکەن.

**ماددەی(١١):**

لەکاتی روودانی هەر هەڵەیەکی پزیشکی یان روودانی ماکەکانی نەشتەرگەری ، پزیشکه بیانیەکه هاوشێوەی پزیشکه ناوخۆییەکان هەمان یاساو رێسای دادگاکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی(١٢):**

پزیشکی نیشتەجێبوو دەبێت، کۆرسی زمانی کوردی وەربگرێت .

**ماددەی(١٣):**

نرخی بینینی نەخۆش و ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەبێ بەهەمان نرخی دکتۆرە ناوخۆییەکان بێت که لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دانراوەو بەپێی یاساو رێنماییەکان ، نابێ لەو برە پارەی دیاری کراوە زیاتر وەربگیرێ.

**ماددەی(١٤):**

هەر پزیشکێکی بیانی ئەگەر نیشتەجێی بەردەوام بێت پێویسته یەکسانکردنی بروانامه (تعديل شهادە) بکات ئەگەر بۆ ماوەی کاتی له سالێکدا سێ جار یان زیاتر بێت به کۆکراوەیی (٤٥) رۆژ زیاتر بێت پێویسته پزیشکێکی خۆماڵی خاوەن ناونیشانی راوێژکاری بێت سەرپەرشتی بکات .

**ماددەی(١٥):**

ئەم رێنماییه کاری پێدەکرێت له رۆژی بڵاوکردنەوەی له رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**